# مەكتەبی سیاسی حزبی شیوعی كوردستان
# ئیدانەی كارە تیرۆریستیەكەی ناوچەی شەنگال دەكات

## راگەیاندنی مەكتەبی سیاسی سەبارەت بە كردەوە تیرۆریستیەكەی ناوچەی شەنگال

لەكاتێكدا هەموو هیواو هەوڵەكان بۆ بنبڕكردنی كاری توندو تیژی و كاری تۆقاندنە، لەو كاتەدا گروپە تیرۆریستیەكان وەك پیشەی هەمیشەیان دژی بە هەموو بەها مرۆڤایەتییەكان تاوانی قەتلوعامێكی دیكەیان دژ بە رۆڵەكانی گەلی كوردستان ئەنجامدا، دوا ئەڵقەی ئەم كارە دژە مرۆییانە تەقینەوەكانی ناوچەی شەنگال بوو دژ بە ئێزدییەكان كە رۆڵەی بەئەمەكی گەلەكەمانن و ئاكام سەدانیان شەهید و بریندار بوون.

ئێمە لەوكاتەی بەتووندی ئەو كارە تیرۆریستیە ریسوا دەكەین ، بەپرسیارێتی پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی تەواوی عێراق و پاراستنی ئاسایش و ئارامی و گیانی هاوڵاتیان ناوچە دابڕاوەكانی هەرێمی كوردستان كە لەماوەی دواییدا بەشێوەیەكی پلان بۆ دارێژراو كەوتۆتە بەر هێرشی تیرۆر تۆقاند ، دەخەینە ئەستۆی حكومەتی عێراقی فیدرال و پێویستە هەرچی زووە رێوشوێن ئەوتۆ بگرنە بەر بۆ بەرپێگرتنی .

هاوكات پێویستە دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێم و هەموو گەلی كوردستان بەهۆشیارییەوە رووبەرووی ئەو هێرش وپلانانە ببنەوە و رێگە لە تەشەنەكردن و دزە كردنی گروپە تیرۆستیەكان بگرن بۆ ناو هەرێمی كوردستان و هاوكاری یەكتری بن لەو رووە.
نەمری و سەربەرزی بۆ قوربانیانی ئەو كارە تیرۆریستیە و ئارامی بۆ كەسوكاریان و چاكبوونەوەی خێراش بۆ برینداركان دەخوازین .

15ی ئاب – هەولێر
مەكتەبی سیاسی
حزبی شیوعی كوردستان